ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی



# ئازادی کاری سەندیکایی وسەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە ڕێککەوتنامەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دا

# پێشەکی

لەپەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای کارلەهەرێمی کوردستان دەکرێت.بەئامانجی ئەوەی یاسایەکی کاری نوێ لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت.

پێمان وایە هەر یاسایەك کە دەربچێت بۆ کاردەبێت لەچوارچێوەی ئەو مافانە کەمتر نەبێت کە لە رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە و پێویستە لایەنی زیاتری ئەو مافانە بسەلمێندرێت بە ئامانجی ئەوەی کە رەوشی کارلە هەرێمی کوردستان پەرەپێبدرێت،ببێتە هۆی پەرەسەندنی ئابووری کوردستان و پاراستنی مافی کرێکاران و سەقامگیری کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان.

ئەم هەوڵەی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی بۆ بەکوردیکردنی هەندێك لەو رێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەدرێژەی هەوڵەکانماندا دێت لە لایەك بۆ ئەوەی یارمەتیدەربێت لە دەرچوونی یاسایەکی کاری شیاو و سەردەم بۆ کوردستان لەولاشەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە مافەکانی کرێکاران وەك بەشێکی دانەبڕاو لە مافەکانی مرۆڤ.

سوپاس بۆ هاوکارانمان لە بە کوردیکردنی ئەم رێککەوتنامەگرنگانە. بەتایبەتی مامۆستا عەبدولسەمیع موحەمەد کە بەشی تایبەتی بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی کردووە بەکوردی.

لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی و مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ رێکخراوەکە

2022

## بەشی یەکەم:

*ڕێککەوتننامەی ئازادی کاری سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستن

* ڕێککەوتننامەی تایبەت بە **نوێنە**رانی کرێکاران

# ڕێککەوتننامەی ئازادی کاری سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستن

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ، لە لایەن ئەنجومەنی کارگێڕی کاری نیودەولەتیەوە بانگهێشتکرا بۆ کۆبوونەوە لە جنێف، کە هەڵسا بە ئەنجامدانی خولی دانیشتنی سی و یەکەم لە ١٧ حوزەیرانی سالیً ١٩٤٨ ؛

کە بڕیاریدا لە شێوەی ڕێککەوتننامەیەک هەستێ بە پەسەندکردنی کۆمەڵێک پێشنیاری تایبەت بە ئازادی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستن، کە بووە بابەتی بەندی حەوتەم لە خشتەی کارەکانی ئەم خولی دانیشتنەدا؛

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دیباجەی دەستوری ڕێکخراوی نێودەولەتی کار باس لەوەدەکات کە " ددانانان بە بنەمای ئازادی سەندیکایی" ئامرازێکە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کار و بەرقەرارکردنی ئاساییش؛

کۆنگرەی گشتی پێی وایە ڕاگەیاندنی فیلادلفیا جارێکیتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە " ئازادی بیروڕاو ئازادی بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە دوو کۆڵەگەن کە ناتواندرێ پشتیان پێنەبەسترێ بۆ هەڵکشانی ئاستی پێشکەوتن":

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆنگرەی کاری نێودەوڵەتی لە دانیشتنی سێیەمدا بەکۆی دەنگ ئەم بنەمایانەیان پەسەندکرد کە پێویستە ببن بە بناغەیەک بۆ ڕێکخستنی نێودەوڵەتی؛

لەکاتێدا کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە خولّی دووەمی خۆیدا دانی بەم بنەمایانەدا نا، داوای لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارکرد کە بەردەوام بێت لە هەوڵ و کۆششەکانی لە پێناو ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی یان زیاتر،

لەمڕۆژەدا، ٩ تەمموزی ساڵی ١٩٤٨ ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کرد، کە پێی دەگوترێت ڕێککەوتننامەی ئازادی سەندیکایی و پاراستنی مافی ڕێکخستن، ١٩٤٨:

## بەشی یەکەم : ئازادی سەندیکایی

### ماددەی ١
هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بەڵێندەدات کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت بە بەرکاربوونی ئەم ئەحکامانەی خوارەوە.

### ماددەی ٢
هەریەک لە کرێکاران و خاوەنکاران بەبێ جیاکاری مافی ئەوەیان هەیە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختە ئەو ڕێکخراوانە دروست بکەن کە هەڵیان دەبژێرن، هەروەها مافی ئەندامبوونیان هەیە تیایاندا، بەمەرجی پابەند بوون بە ڕێنمایی و پەیڕەوی ناوەخۆیی ئەو ڕێکخراوانەوە.

### ماددەی ٣
1 -هەریەک لە ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران مافی ئەوەیان هەیە کە هەستن بە دانانی دەستورەکانی خۆیان و پەیڕەوی کارگێڕیان، هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بە ئازادییەکی تەواوەوە، ڕێکخستنی کارگێڕی و چالاکیەکانیان، هەورەها لە ئامادەکردنی بەرنامەی کارەکانیان.

2 - ڕێگە بەدەستەلاتە گشتیەکان نادرێت بە هیچ جۆرە دەست تیوەردانێک کە ببێتەهۆکاری ئەوەی ئەم مافە سنوردار بکات یان کۆسپ بخاتە بەردەم پیادەکردنێکی ڕەوای ئەم مافە.

### ماددەی ٤
دەستەلاتە کارگێڕیەکان بۆیان نییە هەستن بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەن کاران یان هەڵپەساردنی چالاکیەکانیان.

### ماددەی ٥
هەریەک لە ڕێکخراوکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران مافی ئەوەیان هەیە کە یەکیەتی و یەکیەتی گشتی دروست بکەن یاخود وەک ئەندام بچنە نێویانەوە، و هەریەک لەم ڕێکخراوانە یان ئەم یەکیەتیانە بۆیان هەیە بچنە نێوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی کرێکاران و خاوەنکارانەوە.

**ماددەی ٦**

حوکمەکانی ماددەکانی ٢ و ٣ و ٤ ی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ دەبن لەسەر یەکیەتیەکان و یەکیەتییە گشتیەکانی ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەن کاران.

**ماددەی ٧**

وەدەستهێنانی کەسایەتی مەعنەوی ڕێکخراوەکانی کرێکاران و ڕێکخراوەکانی خاوەن کاران و یەکیەتییەکانیان و یەکیەتییە گشتیەکانیان ملکەچ نابێت بۆ هیچ مەرجێک کە ببێتە هۆکار و کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی حوکمەکانی ماددەکانی ٢ و ٣ و ٤ ی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

**ماددەی ٨**

1-هەریەک لە کرێکاران و خاوەن کاران و ڕێکخراوەکان ڕێز لە یاسای وڵات دەگرن لە پیادەکردنی ئەو مافانەیاندا کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون، لەم ڕووەوە وەک هەر هاوڵاتیەکیتر یان ڕێکخراوێکیتر لە قەڵەم دەدرێن.

2- نابێت یاساکانی وڵاتەکەش بۆ خۆیان هیچ ماددەو برگەیەک لە خۆبگرن کە ببنە هۆکاری هەرەشە بۆ سەر ئەم دەستەبەریانەی کە لەم ریککەوتنەدا دەقیان لەسەر هاتووە، یان بەجۆرێک جێبەجێ بکرێن کە ببنە هەڕەش بۆ سەر ئەم دەستبەریانە.

**ماددەی ٩**

1- یاسا و ڕێنماییە نیشتیمانییەکان هەڵدەستن بە دیاریکردنی ئاستی جێبەجێ بوونی ئەم دەستەبەریانەی، کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا دەقیان لەسەر هاتوە، بە سەر هێزە چەکدارەکان و پۆلیسدا.

2-بەگوێرەی بنەمای هاتوو لە برگەی هەشتەمی ماددەی ١٩ ی دەستووری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، پەسەند کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەلایەن هەر دەوڵەتێکی ئەندامەوە کاریگەی نابێت لەسەر هەر یاسایەک یان حوکمێکی دادوەری یان عورفێک یان ڕێککەوتنێکی بەرکار کە بەهۆیەوە تاکەکانی سەربە هێزەچەکدارەکان و پۆلیس بەهرەمەند دەبن لە هەر مافێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە دەستەبەری دەکات.

**ماددەی ١٠**

بەگوێرەی تێگەییشتنی ئەم ڕێککەوتننامەیە زاراوەی "ڕێکخراو" مانای هەر ڕێکخراوێکی کرێکاران یان ڕێکرخراوێکی خاوەن کاران دەگەیەنێت کە دادەمەزرێت لە پێناوی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی

کرێکاران  یان خاوەنکاران و بەرگری کردن لێیان.

## بەشی دووەم – پاراستنی مافی ڕێکخستن

**ماددەی ١١**

هەردەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەولەتی کار  کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی تیادا بەرکارە، بەڵێن دەدات بە گرتنەبەری هەموو ڕێکارێکی پێویست و گونجاو بۆ زامنکردنی ئەوەی کە کرێکاران و خاوەنکاران پیادەی مافەکانی ڕێکخستنی خۆیان بکەن بەشێوەیەکی ئازادانە.

## بەشی سێیەم – حوکمە جۆراوجۆرەکان

**ماددەی ١٢**

1–سەبارەت بەو ناوچانەی کە لە مادەی ٣٥ی دەستووری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کاردا ئاماژەیان پێکراوە بەگوێرەی هەموارکردنەوەی لە بەڵگەنامەی هەموارکردنەوەی دەستووری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە ساڵی ١٩٤٦ ، جگە لەو ناوچانەی کە لە برگەکانی ٤ و ٥ی  ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە دوای هەموارکردنەوەیان بەوجۆرەی کە باسکرا، هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکات،   دەبێ لەگەڵ پەسەندکردن، یان بە زووترین کات دوای پەسەندکردنی ، ڕاگەیێندراوێک بنێرێت بۆ بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار کە تێیدا دیاری بکات:

ا– ئەو هەرێمانەی کە لەبەرامبەریاند بەڵێندەدات بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ڕێککەوتننامەکە بە بێ هەمواركردن

ب–ئەو هەرێمانەی کە لەبەرامبەریاندا بەڵێندەدات بە جیبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بەڵام بە هەموارکردنەوە، لەگەل وردەکاری هەموارکردنە ئاماژەپێدراوەکان؛

ج–ئەو هەرێمانەی کە ناتواندرێت ڕێککەوتننامەکەی تێدا جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامەکە بەسەریدا؛

د–ئەو هەرێمانەی کە دەوڵەت خۆی تەحەفوز دەکات لەبارەیانەوە بڕیاربدات .

2– ئەم بەڵێنانەی کە لە برگە لاوەکیەکانی (آ) ، (ب)ی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەبەشێکی دانەبڕاو لە پەسەندکردنی ماددەکە دادەندرێت و هەمان هێزی پەسەندکردنیان دەبێت.

3–هەردەوڵەتێکی ئەندام بۆی هەیە  لەهەر کاتێکدا و لە ڕێگەی ڕاگەیێندراوێکی دواترەوە هەستێ بە ئیلغاکردنەوەییەکی بەشەکی یان گشتی هەر تەحەفوزێک کە لە ڕاگەیێندراوی ڕەسەندا  ئاماژەی پێکردوون بەگوێرەی برگە لاوەکیەکانی (ب) و (ج)و (د) ی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

4- هەر ئەندامێک، لەهەر کاتێکدا دەتوانێت بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی ١٦ لەم ڕێککەوتننامەیە بکشێتەوە، ڕاگەیێندراوێکی نویٚ بنێرێت بۆ بەڕێوەبەری گشتی کە لە هەر ڕوویەکیترەوە گۆڕانکاری لە ناوەرۆکی هەر ڕاگەیێندراوێکی پێشودا بکات و دۆخی ئێستای هەر هەرێمێک بخاتە روو کە دیاری دەکات.

**ماددەی ١٣**

1- ئەگەر هاتوو بابەتی ئەم ڕێککەوتنە دەچێتە چوارچێوەی ئیختیصاصی دەستەڵاتەکانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی هەر هەرێمێکی ناو وڵاتەکەوە، ئەوا دەوڵەتی ئەندام و بەرپرس لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەم هەرێمە بۆی هەیە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکەیدا، هەستێ بەناردنی ڕاگەیێندراوێک بۆ بەڕێوەبەری گشتی کەتیایدا دەوڵەتەکە قەبووڵی پابەندبوونەکانی ئەم ڕێککەوتنەبکات بەنوێنەرایەتی ئەم هەرێمەوە.

2- هەریەک لەمانەی خوارەوە دەتوانن ڕاگەیێندراوێک بنێرن بۆ بەڕێوەبەری گشتی سەبارەت بە قەبوڵکردنی پابەندبوونیان بەو ڕێککەوتننامەیەوە:

آ- دووەدوڵەتی ئەندام لە ڕێکخراوەکە یان زیاتر سەبارەت بە هەر هەرێمێک کە دەکەوێتە ژێردەستەڵاتی هاوبەشیانەوە؛

ب- هەر دەستەڵاتێکی نێودەوڵەتی کە بەرپرسیارە لە بەڕێوبەردنی هەر هەرێمێک، بەگوێرەی حوکمەکانی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان یان هەر دەقێکی بەرکاری ترەوە، سەبارەت بە هەر هەرێمێکی لەم شێوەیەوە.

3- ئەو ڕاگەیێندراوانەی کە بەگوێرەی دوو برگەی پێشوی ئەم ماددەیە ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی دەکرێن دەریدەخەن ئاخۆ حوکمەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە هەرێمی پەیوەندیداردا جێبەجێدەکرێن بەبێ ئەنجامدانی هیچ هەموارکردنێک یان دوای ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەموارکردن جێبەجێ دەکرێن، ئەگەر هاتوو ڕاگەیێندراوەکە باسی لەوە کرد کە حوکمەکانی ئەم ماددەیە داوی ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەموارکردن ئەنجام دەدرێن، ئەوا پێویستە ووردەکاری ئەم هەموارکردنانە لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئاماژەیان پی بدرێت.

4-هەر دەولەتێکی ئەندام یان دەوڵەتانی ئەندام یان دەستەڵاتێکی نێودەولەتی پەیوەندیدار مافی ئەوەی هەیە لە هەر کاتێکدا و بەگوێرەی ڕاگەیێندراوێکی دواتر کە بەشێوەیەکی بەشەکی یان بەشێوەیەکی گشتی تەنازول بکات لە پەنابردن بۆ هەر هەموارکردنێک کە لە هەر ڕاگەیێندراوێکی پێشودا ئاماژەی پێکرابێت.

5- هەر دەوڵەتێکی ئەندام یان دەوڵەتانی ئەندام یان دەستەڵاتێکی نێودەولەتی پەیوەندیدار، هەستێ بە

پاشەکشێکردن لەم ڕێککەوتننامەیە بەگوێرەی حوکمەکانی هاتوو لە ماددەی ١٦، ڕاگەیێندراوێکی نوێ بنێرێت بۆ بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار کە لە هەر ڕوویەکیترەوە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی هەر ڕاگەیێندراوێکی پێشودا بکات، دۆخی ئێستا بخاتە ڕوو سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە.

## بەشی چوارەم – حوکمەکۆتاییەکان

### ماددەی ١٤

پەسەندکردنە فەرمیەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەنێردرێن بۆ بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی کاری نیودەوڵەتی بۆ تۆمارکردنیان.

### ماددەی ١٥

1- ئەم ڕێککەوتننامەیە تەنها دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەولەتی کار کە پەسەندکردنەکانیان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیەوە تۆمارکراوە، پابەند دەکات.

2-ڕێککەوتننامەکە دوای بەسەرچوونی ١٢ مانگ بەسەر بەرواری تۆمارکردنی پەسەندکردنی دوو دەوڵەتی ئەندام لە لایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

3-دوای ئەمە بەرکاربوونی حوکمەکانی ڕێککەوتننامەکە بەنیسبەت هەر دەوڵەتێکی ئەندامەوە لە دوای بەسەرچوونی ١٢ مانگ بەسەر بەرواری تۆمارکردنی بەڵگەنامەی پەسەندکردنەکەیەوە دەست پیدەکات.

### ماددەی ١٦

1-هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کردووە بۆی هەیە لێی بکشێتەوە دوای تێپەڕبوونی ماوەی دە ساڵ بەسەر مێژووی بەرکاربوونیەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەڵگەنامەیەکەوە کە دەنێردرێت بۆ بەریوەبەری گشتی نووسینگەی نێودەولەتی کار بەمەبەستی تۆمارکردنی، وئەم کشانەوەیە بەرکار نابێت تاکو دوای تێپەربوونی ساڵێک بەسەر مێژووی تۆمارکردنییەوە.

2-هەر دەوڵەتێکی ئەندام کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەندکردووە و مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتیەکەی بەو جۆرەی کە لەم ماددەیەدا هاتووە لەماوەی ساڵێکی داوی تێپەڕبوونی ماوەی دەساڵی ئاماژەپێکراو لە برگەی پێشوو، پیادەنەکردوە، ئەوا بە پابەندی دەمێنێتەوە بۆ ماوەی دەساڵیتر، و دوای ئەوە دەتوانێت دوای تێپەربوونی ماوەی هەر دەساڵێک ئەندامێتیەکەی لەم ڕێککەوتننامەیەدا

هەڵبوەشێنێتەوە، بەگوێرەی ئەم مەرجانەی کە لەم ماددەیەدا هاتوون.

**ماددەی ١٧**

1-بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی نێودەولەتی کار هەڵدەستێ بە ئاگادارکردنەوەی سەرجەم دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی سەرجەم پەسەندکردنەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتیان کە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە ئاڕاستەی دەکرێن.

2- دوای ئاگادارکردنەوەی دەوڵەتانی ئەندام بە تۆمارکردنی بەڵگەنامەی پەسەندکردن، بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەستێت بە ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە بۆ بەرواری بەرکاربوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

**ماددەی ١٨**

بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی هەڵدەستێت بە ناردنی داتاو زانیاری تەواو، سەبارەت بە سەرجەم بەڵگەنامەکانی پەسەندکردن و یادداشتەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی کە هەڵساوە بە تۆمارکردنیان، بۆ ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ئەویش بە گوێرەی ناوەڕۆکی ماددەی ١٠٢ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هەستێت بە تۆمارکردنیان.

**ماددەی ١٩**

ئەنجومەنی کارگێڕی نووسینگەی نێودەوڵەتی دوای بەسەرچوونی ماوەی هەر دە ساڵێکی دوای بەرکاربوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەروەها سەیری ئەوە دەکات ئاخۆ پێویست بەوە دەکات بەشێوەیەکی بەشەکی یان بەشێوەیەکی گشتی بابەتی پێداچوونەوە بەڕێککەوتننامەکە بخرێتە نێو خشتەی کارەکانی کۆنگرەوە یان نا.

**ماددەی ٢٠**

1 - ئەگەر هاتوو کۆنگرە پەسەندی ڕێککەوتننامەیەکی نوێی کرد کە هەڵدەستێت بە پێداچوونەوە بەشێوەیەکی بەشەکی یان گشتی ، ڕێککەوتننامەی نوێ هیچ دەقێکی نەبوو بەپێچەوانەی ئەمە-

(آ) پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە لە لایەن دەوڵەتی ئەندامەوە، بەگوێرەی یاسا ، بە چاوپۆشین لە حوکمەکانی ماددەی ١٦ ی پێشوو، هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی لەم ڕێککەوتننامەیەدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەمەرجێک ئەم ڕێککەوتننامەی نوێیەی پێداچوونەوەکە، هاتبێتە واری

جێبەجێکردنەوە.

(ب) لە بەرواری بەرکاربوونی ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوەکەدا، دەرگای پەسەندکردنی ڕێککەوتننامە هەنووکەییەکە دادەخرێت.

2 - ڕێککەوتننامە هەنووکەییەکە، بە هەر شێوەیەک بێت، لە ڕووی شکڵ و ناوەڕۆکەوە هەر بە بەرکاری دەمێنێتەوە بۆ ئەو وڵاتە ئەندامانەی کە ڕێککەوتنامە هەنوکەییەکەیان پەسەندکردووە بەڵام ڕێککەوتننامەی پێداچوونەوەکەیان پەسەند نەکردووە.

**ماددەی ٢١**

هەردوو دەقی ئینگلیزی و فەڕەنسی ئەم ڕێککەوتننامەیە هەمان هێزی یاساییان هەیە.

# ڕێککەوتننامەی تایبەت بە نوێنەرانی کرێکاران

**ڕێککەوتننامەی (ژمارە ١٣٥)ی تایبەت بە فەراهەمکردنی پارێزگاری و ئاسانکاری بۆ نوێنەرانی کرێکاران لە نێو دامەزراوەکاندا**

**ئەم ڕێککەوتننامەیە لە لایەن کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارەوە ددانی پێدا نراوە لە دانیشتنی خولی پەنجاو شەشەمیندا لە بەرواری ٢٣ی حوزەیرای ساڵی ١٩٧٣دا بەگوێرەی حوکمەکانی ماددەی ٨ ی ڕێککەوتیننامەکە**

کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ، دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیەوە لە جنێف بانگهێشت کرابوو، لە ڕێککەوتی ٢ی حوزەیرانی ساڵێ ١٩٧١ دا و لە پەنجاو شەشەمین دانیشتنی خۆیدا کۆبووەوە، و بەلەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی ڕێککەوتننامەی مافی ڕێکخستنی سەندیکایی و دانوستانی بەکۆمەڵی ساڵی ١٩٤٩، کە تیایدا دەقی هێناوە لەسەر پاراستنی کرێکاران لە هەر کارو کردەیەکی جیاکارانە لە ڕووی دامەزراندنیانەوە کە ئامانجی دەستبردن بێت بۆ ئازادی سەندیکایی کرێکاران، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێویستە کۆمەڵێک برگە و حوکمی تەواوکاری سەبارەت بە نوێنەرانی کرێکاران لە نێو ڕێککەوتننامەکەدا دابندرێن، دواتر ڕای کۆبووەوەکە لەسەر ئەوە لەنگەری گرت کە کۆمەڵێک لەم پێشنیاری دیاریکراوی تایبەت بە فەراهەمکردنی پارێزگاری و ئاسانکاری بۆ نوێنەرانی کرێکاران لە نێو دەمەزراوەکاندا بخەنەڕوو، و دواتریش بوو بە بابەتی بەندی پێنجەمی خشتەی کارەکانی کۆبوونەوەکە، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا کە ئەم پێشنیارانە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیدا گەلاڵە بکرێن، ولە ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١دا ئەم ڕێککەوتننامەیەی کە پێی دەگوترێت "ڕێککەوتننامەی تایبەت بە نوێنەرانی کرێکاران لە ساڵی ١٩٧١" پەسەند بکرێت.

**ماددەی ١**

پارێزگارییەکی کاریگەر بۆ نوێنەرانی کرێکاران فەراهەمدەکرێت لە بەرامبەر هەر ڕێکارێک کە لەوانەیە زیانیان پێبگەیەنێت، لەنێویشیاندا لەکارلادان(فەسڵکردن)، کە بە هۆکاری سیفەتی خۆیانەوە بێت یان بەهۆکاری چالاکیەکانیانەوە بێت وەک نوێنەری کرێکاران، یان بەهۆکاری ئەندامێتیان بێت لە سەندیکاوە، تاکاتێک کە لە هەڵسوکەوتەکانیاندا پابەندن بە یاساکان یان ڕێککەوتننامە بەکۆمەڵە بەرکارەکان یان هەر

ڕێکخستنێکیتری هاوبەشی نێوانیان بێت کە لە سەری ڕێککەوتوون.

**ماددەی ٢**

1. نوێنەری کرێکاران لە نێو دامەزراوەدا، هێندەی ئاسانکاری بۆ دەکرێت کە بتوانێت بە شێوازێکی خێراو کاریگەر ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.
2. لەم ڕووەوە، خەسڵەتەکانی پەیوەندییە پیشەسازیەکانی وڵات و پێداویستیەکانی دامەزراوەی پەیوەندیدار و قەبارە و تواناکانی لەبەر چاو دەگیرێن.
3. نابێت لە پێدانی ئەم ئاسانکاریانەی سەرەوەدا هیچ شتێک هەبێت کە لە کارایی بەڕێوەچوونی کارەکانی دامەزراوەی پەیوەندیدار کەمبکاتەوە.

**ماددەی ٣**

لە فەرهەنگی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا دەستەواژەی "نوێنەری کرێکاران" بەمانای ئەو کەسانەدێت کە یاسا و ئەزموونە نیشتیمانیەکان بەم سیفەتەوە دەیانناسێنن، جا:

آ) نوێنەری سەندیکایی بن، یان نوێنەرە پەیوەندیدارەکان بن یان ئەوانەبن کە لە لایەن سەندیکاکانەوە هەڵبژێردراون یان لە لایەن ئەندامانی ئەم سەندیکایانەوە هەڵبژێردرابن.

ب) نوێنەری هەڵبژێردراو، یان ئەو نوێنەرانەن کە کرێکارانی دامەزراوەکان بەشێوەیەکی ئازادانەو بەگوێرەی ئەحکامی یاسا و ڕێنماییە نیشتیمانیەکان و ڕێککەوتننامە بەکۆمەڵەکانەوە هەڵیان بژاردوون، و ئەرکەکانیان درێژ نابێتەوە بۆ ئەو چالاکییانەی کە لە وڵاتی پەیوەندیداردا وەک پسپۆڕێتی تایبەتی هەندێک لە سەندیکاکان دانیان پێدانراوە و سەندیکاکانیتر ناگرێتەوە.

**ماددەی ٤**

هەریەک لە یاساکان و ڕێنماییە نیشتیمانیەکان، و ڕێککەوتننامە بەکۆمەڵەکان، یان حوکمە ناوبژیوانیەکان، یان حوکمە دادوەریەکان بۆیان هەیە جۆر یان ئەم جۆرانەی نوێنەری کرێکاران دیاری بکەن کە مافی وەدەستهێنانی ئەو پارێزگاری و ئاسانکاریانەیان هەیە کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوون.

**ماددەی ٥**

ئەگەر لە یەککاتدا و یەک دامەزراوەدا هەم نوێنەری سەندیکاکان و هەم نوێنەری هەڵبژێردراو هەبوون، هەرکاتێک پێویست بوو دەبێ ڕێوشوێنی گونجاو بگیرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بوونی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ لاوازکردنی پێگەی سەندیکا پەیوەندیدارەکان یان نوێنەرەکانیان بەکارناهێندرێت و هاندانیان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی سەبارەت بە سەرجەم بابەتە پەیوەندیدارەکان لە نێوان نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە لایەک و سەندیکا پەیوەندیدارەکان و نوێنەرانیانیشیان لە لایەکی ترەوە.

**ماددەی ٦**

دەتواندرێت حوکمەکانی نێو ئەم ڕێککەوتننامە لە چوارچێوەی یاساکان و ڕێنماییە نیشتیمانیەکان و ڕێککەوتننامە بەکۆمەڵەکاندا یان بەهەر شێوازێکیتر جێبەجێبکرێن بەجۆرێک کە لەگەڵ ئەزموون و مومارەسە خۆجێییەکاندا بگونجێن.

**ماددەی ٧**

بەڵگە فەرمیەکانی پەسەند کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی کاری نیودەوڵەتی دەکرێن، کە هەڵدەستێت بە تۆمارکردنیان.

**ماددەی ٨**

1. ئەم ڕێککەوتننامەیە پابەندکەر نییە تەنها بۆ ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارنەبێت کە بەڵگەنامەی پەسەندکردنەکەیان لە لایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە تۆمارکراوە.

2. بەرواری بەکاربوونی ڕێککەوتننامەکە دوای دوانزەمانگ لەو ڕێککەوتەوە دەبێت کە تیایدا بەڕێوەبەری گشتی بەڵگەنامەی پەسەندکردنی دوو دەوڵەتی ئەندام تۆماردەکات.

3. دوای ئەمە، مێژووی بەکاربوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەر دەوڵەتێک دوانزەمانگ دوای ئەم بەرواره دەست پێدەکات کە بەرێوبەری گشتی بەڵگەنامەی پەسەندکردنەکەی تۆمار دەکات.

**ماددەی ٩**

1. هەر ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کردبێت، دەتوانێت دوای تەواوبوونی دە ساڵ لە چوونە بواری جێبەجێکردنییەوە، لە ڕێگەی بەڵگەنامەیەکەوە کە ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کاری دەکات، لێی بکشێتەوە، ئەو کشانەوەیە کارانابێت تاکو تێپەربوونی دوانزە مانگ بەسەر تۆمارکردنی لە لایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە.

2. هەر ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەندکردووە و لە ماوەی ساڵێک لە دوای تێپەڕبوونی دەساڵ بەسەر بەرکاربوونیدا مومارەسەی مافی کشانەوەی خۆی نەکرد وەک لە برگەی پێشوو ئاماژەی پێکراوە، ئەوا بۆ ماوەی دەساڵی تر پابەند دەمێنێتەوە، و دواتر دەتوانێت دوای تێپەربوونی ماوەی هەر دەساڵێک لە ڕێککەوتننامەکەدا بکشێتەوە بەگوێرەی ئەم مەرجانەی کە لەم ماددەیەدا هاتوون.

**ماددەی ١٠**

1. بەڕێوەبەری گشتی نووسینەگەی کاری نێودەولەتی هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە سەرجەم بەڵگەنامەکانی پەسەندکردن و بەڵگەنامەکانی کشانەوە لە ئەندامێتی کە لەلایەن ئەندامانەوە ئاڕاستەی دەکرێن.

2. پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری گشتی کاتێک هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە سەبارەت بە تۆمارکردنی بەڵگەنامەی پەسەندکردنی دووەم کە ئاراستەی دەکرێت، سەرنجی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕابکێشێت بۆ ئەم بەروارەی کە تیایدا ڕێککەوتننامەکە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

**ماددەی ١١**

.

بەڕیوبەری گشتی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی هەڵدەستێت بە پێدانی داتاو زانیاری تەواو، سەبارەت بە سەرجەم بەڵگەنامەکانی پەسەندکردن و یادداشتەکانی کشانەوەی دەوڵەتە ئەندامەکان کە هەڵساوە بە تۆمارکردنیان، بە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانیش بە گوێرەی ناوەرۆکی ماددەی ١٠٢ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هەستێت بە تۆمارکردنیان.

**ماددەی ١٢**

ئەنجوومەنی کارگێڕی نووسینگەی کاری نێودەوڵەتی هەرکاتێک بە پێویستی زانی هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێبوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە کۆنگرەی گشتی، هەروەک هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پێویست بوون یان پێویست نەبوونی زیادکردنی بەندێک بۆ خشتەی کاری کۆنگرەی گشتی سەبارەت بە پێداچوونەوە و پاکتاوکردنی ڕێککەتننامەکە بە شیوەیەکی بەشەکی یان بەشێوەیەکی گشتی.

**ماددەی ١٣**

1. ئەگەر هاتوو واڕوویدا کە کۆنگرە ڕێککەوتننامەیەکی نوێی گەڵاڵەکرد کە پاکتاوکردنی بەشەکی یان

گشتی لە خۆدەگرێت، و ڕێککەوتننامەی نوێ هیچ دەقێکی نەبوو بە پێچەوانەی ئەمە:

آ) بە پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتننامە نوێیەی کە پێداچوونەوەکەی لە خۆگرتووە لەلایەن هەر ئەندامێکەوە، و بەرکاربوونی پەسەندکردنەکە ، و بەچاوپۆشین لە ئەحکامی ماددەی ٩ی سەرەوە، دەبێتە هۆکاری کشانەوەی دەستبەجێی وڵاتەکە لە ڕێکەوتننامە کۆنەکە، ئەگەر هاتوو یان هەرکاتێک ئەم ڕێککەوتننامە نوێییەی کە پێداچوونەوەکەی لە خۆگرتووە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

ب) ئەم ڕێککەوتننامە کۆنە، لەو کاتەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامەی نوێیەی پێداچوونەوەکەی لە خۆ گرتووە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە، چیتر شیاو نابێت بۆ پەسەندکردن لەلایەن ئەندامانەوە.

2. بەهەر جۆرێک بێت ڕێککەوتنە کۆنەکە بە ناوەرۆک و شێوە هەنوکەییەکەیەوە، بە بەرکاری دەمێنێتەوە بۆ ئەم ئەندامانەی کە پەسەندیان کردووە بەڵام ئەم ڕێککەوتننامە نوێیەیان پەسەند نەکردووە کە پێداچوونەوەوپاکتاوکردنەکەی لە خۆگرتووە.

**ماددەی ١٤**

هەردوو دەقی ئینگلیزی و فەرەنسی هەمان هێزی یاساییان هەیە.

**ئەم دەقەی لە سەرەوە هاتووە دەقی فەرمی ڕێککەوتننامەکەیە کە کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پەسەندی کردووە بەگوێرەی ڕێکارەکان لە خولی دانیشتنی پەنجاوشەشەمینی ئەنجامدراو لە جنێف کە کۆتاییهاتنەکەی لە ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١دا ڕاگەیێندرا.وەک پشتراستکردنەوەیەک بۆ ئەمە، لە خوارەوە واژۆمانکردوە لەو ڕێکەوتەدا، ٣٠ حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١.**

## بەشی دووەم:

*ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، ١٩٨١ (ژمارە ١٥٥)

*چوارچێوەی هاندان بۆ ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی ژمارە ١٨٧ ساڵی ٢٠٠٦

# ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، ١٩٨١ (ژمارە ١٥٥)

دوای ئەوەی لە جنێڤ لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی نێودەوڵەتی کارەوە بانگهێشتکرابوون، کۆنفرانسی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارلە ٦٧ ەمین دانیشتنی خۆیدا لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨١ کۆبووبووەوە. دوای بڕیاردان لەسەر پەسەندکردنی هەندێک پێشنیار سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی و ژینگەی کارکردن کە شەشەمین بڕگەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بوو، بڕیاردرا ئەم پێشنیازانە لە شێوەی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدابن. لە ٢٢ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ ئەم ڕێککەوتننامەیەی خوارەوەی پەسەندکرد کە وەک ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، ١٩٨١ ناوزەد دەکرێت:

## بەشی یەکەم. مەودا و پێناسەکان

### مادەی ١

1- ئەم پەیماننامەیە هەموو لقەکانی چالاکیی ئابووری دەگرێتەوە.

2- ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکات، دەتوانێت دوای ڕاوێژکردن لە زووترین قۆناغدا لەگەڵ ڕێکخراوە نوێنەرەکانی خاوەنکار و کرێکارانی پەیوەندیدار، لقە تایبەتەکانی چالاکییە ئابوورییەکان، وەک کەشتیوانی دەریایی یان ماسیگرتن، بەشێوەیەکی بەشەکی یان بە تەواوی لە جێبەجێکردنی دووربخاتەوە، بەهۆی ئەوەی کە سروشتی تایبەت بە خۆیان هەیە.

3- هەر ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکات، لە ڕاپۆرتی یەکەمدا سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە کە بەپێی مادەی 22ی دەستووری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پێشکەشکراوە، هەر لقێک کە بەپێی بڕگەی 2ی ئەم مادەیە ڕەنگە بێبەش کرابێت، بنووسێت. خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەو جۆرە دەرکردنە و وەسفکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە گیراوەتەبەر بۆ پێدانی پاراستنی گونجاو بە کرێکارانی لقە بێبەشکراوەکان، و دەبێت لە ڕاپۆرتەکانی دواتردا ئاماژە بە هەر پێشکەوتنێک بکات بەرەو بەکارهێنانی بەرفراوانتر.

### ماددەی ٢

1- ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەموو کرێکارانی ئەو لقانەی چالاکی ئابووری دەیانگرێتەوە جێبەجێدەکرێت.

2- ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکات، دەتوانێت دوای ڕاوێژکردن لە زووترین قۆناغدا لەگەڵ ڕێکخراوە نوێنەرایەتیەکانی خاوەنکار و کرێکارانی پەیوەندیدار، بە بەشێک یان بە تەواوی، پۆلێکی دیاریکراوی کرێکاران، کە لە بەرامبەریاندا ئاستەنگی تایبەتیان هەیە، لە جێبەجێکردنیدا بەدەر بکات.

3- هەر ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە پەسەند دەکات، لە ڕاپۆرتی یەکەمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەدا کە بەپێی مادەی 22ی دەستووری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پێشکەشکراوە، هەر پۆلێکی دیاریکراوی لە کرێکاران کە ڕەنگە بەپێی بڕگەی 2ی ئەم ماددەیە دەرهێنرابێت بنووسێت ، بە خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەو جۆرە دەرکردنە، و دەبێت لە ڕاپۆرتەکانی دواتردا ئاماژە بە هەر پێشکەوتنێک بکات بەرەو جێبەجێکردنی باشتر بۆ ئەو پۆلە.

**مادەی ٣**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێککەوتننامەیە—

(ا) زاراوەی لقەکانی چالاکیی ئابووری هەموو ئەو لقانە دەگرێتەوە کە کرێکاران تێیدا دامەزراون، لەوانەش خزمەتگوزاری گشتی؛

(ب) زاراوەی کرێکاران هەموو کەسانی دامەزراو دەگرێتەوە، لەوانەش فەرمانبەرانی گشتی؛

(ج) زاراوەی شوێنی کار هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە کرێکاران پێویستە بەهۆی کارەکانیانەوە لەوێ بن و لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی خاوەنکاردان؛

(د) زاراوەی ڕێساکان هەموو ئەو بڕگانە دەگرێتەوە کە لەلایەن دەسەڵات یان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە هێزی یاسای پێدەدرێت؛

(هـ) زاراوەی تەندروستی لە پەیوەندی لەگەڵ کاردا، تەنیا ئاماژە بە نەبوونی نەخۆشی یان لاوازی ناکات؛ هەروەها ئەو توخمە جەستەیی و دەروونییانە دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر تەندروستی هەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سەلامەتی و پاکوخاوێنی لە شوێنی کاردا هەیە.

## بەشی دووەم. بنەماکانی سیاسەتی نیشتمانی

**مادەی ٤**

1. هەر ئەندامێک لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخ و پراکتیکە نیشتمانییەکان و بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران، سیاسەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی، تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کارکردن دابڕێژێت، جێبەجێی بکات و جار جار پێداچوونەوەی بۆ بکات.

2- ئامانجی سیاسەتەکە بریتییە لە ڕێگریکردن لە ڕووداو و برینداربوونی تەندروستی کە لە ئەنجامی کارکردنەوە سەرهەڵدەدەن و پەیوەندییان بە کارەوە هەیە یان لە ڕەوتی کاردا ڕوودەدەن، بە

کەمکردنەوەی هۆکارە مەترسییەکانی پەیوەست بە ژینگەی کارکردن تا ئەو جێگایەی کە بە شێوەیەکی مەنتقی دەتوانرێت.

**مادەی ٥**

ئەو سیاسەتەی لە مادەی چوارەمی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەم بوارە سەرەکیانەی کارکردن لە خوارەوە لەبەرچاو دەگرێت تا ئەو ڕادەیەی کە کاریگەرییان لەسەر سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کارکردن هەیە:

(آ) دیزاین، تاقیکردنەوە، هەڵبژاردن، جێگرەوە، دانان، ڕێکخستن، بەکارهێنان و پاراستنی توخمە ماددییەکانی کار (شوێنی کار، ژینگەی کارکردن، ئامراز، ئامێر و کەلوپەلەکان، مادده کیمیایی، فیزیایی و بایۆلۆژی و مادده و مادده کیمیاییەکان، پرۆسەی کار)؛

ب- پەیوەندی نێوان توخمە ماددییەکانی کار و ئەو کەسانەی کە کارەکە ئەنجام دەدەن یان سەرپەرشتی دەکەن، و گونجاندنی ئامێرەکان، کەلوپەلەکان، کاتی کارکردن، ڕێکخستنی کار و پرۆسەکانی کار لەگەڵ توانا جەستەیی و دەروونییەکانی کرێکاران؛

(ج) ڕاهێنان، لەوانەش ڕاهێنانی زیاتری پێویستی، بروانامە و پاڵنەرەکانی ئەو کەسانەی کە بەشدارن، بە توانایەک یان یەکێکی تر، لە بەدەستهێنانی ئاستی گونجاوی سەلامەتی و تەندروستی؛

(د) پەیوەندی و هاوکاری لە ئاستەکانی گروپی کار و کۆمپانیا و هەموو ئاستە گونجاوەکانی تردا تا ئاستی نیشتمانی؛

هـ- پاراستنی کرێکاران و نوێنەرانیان لە ڕێوشوێنی دیسپلینیی کە بەرامبەریان بگیرێتەبەر لە ئەنجامی ئەو کارانەی کە بە شێوەیەکی دروست لەلایەن ئەوانەوە ئەنجام دەدرێن بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە مادەی ٤ی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

**مادەی ٦**

داڕشتنی ئەو سیاسەتەی لە مادەی چوارەمی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، دەبێت ئاماژە بە ئەرک و بەرپرسیارێتیی دەسەڵاتە گشتیەکان، خاوەنکارەکان، کرێکاران و ئەوانی دیکە بکات سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کارکردنی ، بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو سیفەتی تەواوکەری بەرپرسیارێتیەکان و بارودۆخ و پراکتیکە نیشتمانییەکان.

**مادەی ٧**

دۆخی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کارکردن دەبێت بەشێوەیەکی دەوری گونجاوپێداچوونەوەی بۆ بکرێت، یان بەگشتی یان سەبارەت بە بوارێکی تایبەت، بە ئامانجی

دەستنیشانکردنی کێشە سەرەکییەکان، پەرەپێدانی شێوازی کاریگەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان و ئەولەویەتەکانی کارکردن، و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان.

## بەشی سێیەم. کارکردن لە ئاستی نیشتمانیدا

**مادەی ٨**

هەر ئەندامێک بە یاسا یان ڕێسا یان هەر شێوازێکی دیکە کە لەگەڵ مەرج و پراکتیکی نیشتمانیدا بگونجێت و بە ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوە نوێنەرایەتییەکانی خاوەنکار و کرێکارانی پەیوەندیدار، ئەو هەنگاوانە بنێت کە پێویست بێت بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٤ی ئەم پەیماننامەیە.

**مادەی ٩**

1- جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کار بە سیستەمێکی گونجاو و لەباری پشکنین مسۆگەر دەکرێت.

2- سیستمی جێبەجێکردن سزای گونجاو بۆ پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکان دابین دەکات.

**مادەی ١٠**

ڕێوشوێنی پێدانی ڕێنمایی بە خاوەنکار و کرێکاران دەگیرێتەبەر بەجۆرێک کە یارمەتیان بدرێت بۆ پابەندبوون بە ئەرکە یاساییەکان.

**مادەی ١١**

بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی لە مادەی چوارەمی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە، دەسەڵات یان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان دەبێت دڵنیابن لەوەی کە ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە ئەنجام دەدرێن:

(آ) لەو شوێنانەی کە سروشت و پلەی مەترسییەکان پێویستی پێیەتی، دیاریکردنی ئەو مەرجانەی کە بۆ دیزاین و دروستکردن و دارشتنی کۆمپانیاکان و دەستپێکردنی کارەکانیان و گۆڕانکارییە گەورەکان کە کاریگەرییان لەسەرە و گۆڕانکاری لە مەبەستەکانیاندا و سەلامەتی ئامێرە تەکنیکییەکانی بەکارهێنراو لە شوێنی کاردا، هەروەها جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە دیاریکراون؛

(ب) دیاریکردنی پرۆسەکانی کار و ئەو مادده و هۆکارانەی کە بەرکەوتنیان قەدەغەیە، سنووردار بکرێت یان بکرێتە ژێر مۆڵەت یان کۆنترۆڵکردنی لەلایەن دەسەڵات یان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە؛ مەترسییە

تەندروستییەکان بەهۆی بەرکەوتنی لە یەک کاتدا بە چەند ماددەیەک یان هۆکارێک دەبێت لەبەرچاو بگیرێن؛

ج- دانان و جێبەجێکردنی ڕێکارەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕووداو و نەخۆشییە پیشەییەکان، لەلایەن خاوەنکارەکان و، لەکاتی گونجاودا، دامەزراوەکانی بیمە و کەسانی تری پەیوەندیداری ڕاستەوخۆ، و بەرهەمهێنانی ئاماری ساڵانە لەسەر ڕووداو و نەخۆشییە پیشەییەکان؛

(د) ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، لەو شوێنانەی کە حاڵەتەکانی ڕووداوی پیشەیی، نەخۆشییە پیشەییەکان یان هەر بریندارببوونی دیکەی تەندروستی کە لە ڕەوتی کاردا یان لە پەیوەندی لەگەڵ کاردا سەرهەڵدەدات و وادیارە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخانە بێت کە جددین؛

هـ- بڵاوکردنەوەی زانیاری ساڵانە لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی کە بەپێی ئەو سیاسەتەی لە مادەی 4ی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە گیراوەتەبەر و سەبارەت بە ڕووداوە پیشەییەکان، نەخۆشییە پیشەییەکان و بریندارببوونی تری تەندروستی کە لە ڕەوتی کار یان لە پەیوەندی لەگەڵ کاردا سەرهەڵدەدەن؛

(و) هێنانەکایەی یان درێژکردنەوەی سیستەمەکان، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و ئەگەرە نیشتمانییەکان، بۆ پشکنینی ماددە کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆژییەکان سەبارەت بە مەترسی بۆ سەر تەندروستی کرێکاران.

**مادەی ١٢**

ڕێوشوێنەکان بەپێی یاسا و پراکتیکی نیشتمانی دەگیرێنەبەر، بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی ئەوانەی کە دیزاین، بەرهەمهێنان، هاوردەکردن، دابینکردن یان گواستنەوەی ئامێر، کەلوپەل یان ماددە بۆ بەکارهێنانی پیشەیی --

(آ) خۆیان ڕازی بکەن کە، تا ئەو جێگایەی کە بە شێوەیەکی مەنتقی دەتوانرێت، ئامێرەکان، کەلوپەلەکان یان مادەکان کە مەترسی بۆ سەلامەتی و تەندروستی ئەو کەسانە دروست ناکات کە بە دروستی بەکاریدەهێنن؛

(ب) زانیاری بەردەست بێت سەبارەت بە دانان و بەکارهێنانی دروستی ئامێر و کەلوپەلەکان و بەکارهێنانی دروستی ماددەکان، هەروەها لەسەر مەترسییەکانی ئامێر و پەلوپەلەکان و تایبەتمەندییە مەترسیدارەکانی ماددە کیمیایی وفیزیایی و بایۆلۆژییەکان یان بەرهەمەکان، هەروەها ڕێنماییەکان لەسەر چۆن دەبێت لە مەترسییە ناسراوەکان دوور بکەونەوە؛

ج- لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوە یان بە هەر شێوەیەکی تر ئاگاداری ئەو زانیارییە زانستی و تەکنیکییانە بێت کە پێویستن بۆ پابەندبوون بە بڕگەکانی (آ) و (ب)ی ئەم مادەیە.

**مادەی ١٣**

کرێکارێک کە خۆی لە دۆخێکی کار دوور خستۆتەوە کە پاساوێکی گونجاوی هەیە بۆ ئەوەی پێی وایە مەترسییەکی نزیک و جددی لەسەر ژیان یان تەندروستی خۆی دروست بکات، بەپێی بارودۆخ و پراکتیکی نیشتمانی لە لێکەوت و ڕێوشوێنە ناڕەواکان دەپارێزرێت.

**مادەی ١٤**

ڕێوشوێنەکان دەگیرێنەبەر بە ئامانجی پێشخستنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخ و پراکتیکی نیشتمانی، خستنەڕووی پرسیارەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کارکردن لە هەموو ئاستەکانی پەروەردە و ڕاهێنان، لەوانەش خوێندنی تەکنیکی و پزیشکی و پیشەیی باڵا، لە بە شێوەیەک کە پێداویستییەکانی ڕاهێنانی هەموو کرێکاران دابین بکات.

**مادەی ١٥**

1- بە ئامانجی دڵنیابوون لە یەکگرتوویی ئەو سیاسەتەی لە مادەی 4ی ئەم پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێکراوە و ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی، هەر ئەندامێک دەبێت، دوای ڕاوێژکردن لە زووترین قۆناغدا لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران، و لەگەڵ دەزگاکانی تر بەپێی پێویست، ڕێکخستنی گونجاو لەگەڵ بارودۆخ و پراکتیکە نیشتمانییەکان بکەن بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی پێویست لە نێوان دەسەڵات و دەزگا جیاوازەکان کە داوایان لێدەکرێت بەشی دووەم و سێیەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکەن.

2- هەرکاتێک بارودۆخ پێویستی پێکرد و مەرج و پراکتیکی نیشتمانی ڕێگەی پێدا، ئەم ڕێکخستنانە دامەزراندنی دەزگایەکی ناوەندی لەخۆدەگرێت.

## بەشی چوارەم. کردار لە ئاستی ئەرکەکەدا

**مادەی ١٦**

1- خاوەنکارەکان پێویستە دڵنیابن لەوەی کە تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت، شوێنی کار و ئامێر و کەلوپەل و پرۆسەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان سەلامەت بن و مەترسی لەسەر تەندروستییان نەبێت.

2- خاوەنکارەکان پێویستە دڵنیابن لەوەی کە تا ئەو جێگایەی کە بە شێوەیەکی مەنتقی دەتوانرێت، مادده کیمیایی و فیزیایی و بایۆلۆژییەکان و ئامێرەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بێ مەترسین بۆ تەندروستی کاتێک ڕێوشوێنی گونجاوی پاراستن دەگیرێتەبەر.

3- خاوەنکارەکان پێویستە لە شوێنی پێویستدا جلوبەرگی پارێزەر و ئامێری خۆپارێزی گونجاو دابین بکەن بۆ ڕێگریکردن لە مەترسی ڕووداوەکان یان کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی.

**مادەی ١٧**

هەرکاتێک دوو یان زیاتر لە کۆمپانیاکان لە یەک کاتدا لە یەک شوێنی کاردا بەشداری چالاکییەکان بکەن، دەبێت هاوکاری بکەن لە جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

**مادەی ١٨**

خاوەنکارەکان پێویستە لە شوێنی پێویستدا ڕێوشوێنی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتە فریاگوزاریەکان و ڕووداوەکان دابین بکەن، لەوانەش ڕێکخستنی فریاگوزاری سەرەتایی گونجاو.

**مادەی ١٩**

دەبێت ڕێکخستنەکان لە ئاستی کۆمپانیادا هەبن کە لەژێردا--

(١) کرێکاران لە ڕێڕەوی ئەنجامدانی کارەکانیاندا، هاوکاری بکەن لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە لەلایەن خاوەنکارەکەیانەوە لەسەری دانراوە؛

(ب) نوێنەرانی کرێکاران لە کۆمپانیاکەدا لەگەڵ خاوەنکار لە بواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەییدا هاوکاری بکەن؛

(ج) نوێنەرانی کرێکاران لە کۆمپانیایەکدا زانیاری گونجاویان پێدەدرێت سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کە لەلایەن خاوەنکارەوە گیراوەتەبەر بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و دەتوانن ڕاوێژ بە ڕێکخراوە نوێنەرەکانیان بکەن سەبارەت بەو زانیاریانە بە مەرجێک نهێنی بازرگانی ئاشکرا نەکەن؛

(د) کرێکاران و نوێنەرانیان لە کۆمپانیاکەدا ڕاهێنانی گونجاویان لەسەر سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی پێدەدرێت؛

(هـ) کرێکاران یان نوێنەرەکانیان و بەپێی حاڵەتەکە، ڕێکخراوە نوێنەرایەتیەکانیان لە کۆمپانیایەکدا، بەپێی یاسا و پراکتیکی نیشتمانی، دەتوانن لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنەکانی سەلامەتی پیشەیی بکەن و لەلایەن خاوەنکارەوە راوێژیان پێبکرێت پەیوەست بە تەندروستی بە کارەکانیان؛ بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێت ڕاوێژکاری تەکنیکی بە ڕێککەوتنی هاوبەش لە دەرەوەی کۆمپانیاکە بهێنرێتە ناوەوە؛

(و) کرێکارێک هەر دۆخێک کە پاساوێکی گونجاوی هەبێت بۆ ئەوەی مەترسییەکی نزیک و جددی لەسەر ژیان یان تەندروستی دروست بکات، دەستبەجێ ڕاپۆرت بداتە سەرپەرشتیاری دەستبەجێی خۆی؛ تا ئەو کاتەی خاوەنکار ڕێوشوێنی چاکسازی گرتوتەبەر، ئەگەر پێویست بوو، خاوەنکار ناتوانێت داوا لە

کرێکاران بکات بگەڕێنەوە بۆ دۆخێکی کار کە مەترسی نزیک و جددی لەسەر ژیان یان تەندروستی بەردەوام بێت.

**مادەی ٢٠**

هاوکاری نێوان بەڕێوەبەرایەتی و کرێکاران و/یان نوێنەرانیان لەناو کۆمپانیاکەدا دەبێتە توخمێکی بنەڕەتی لە ڕێوشوێنە ڕێکخراوەییەکان و ڕێوشوێنەکانی دیکە کە بەپێی مادەکانی ١٦ تا ١٩ی ئەم پەیماننامەیە دەگیرێنەبەر.

**مادەی ٢١**

ڕێوشوێنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی نابێت هیچ خەرجیەک بۆ کرێکاران لەخۆ بگرێت.

## بەشی پێنجەم. برگەکانی کۆتایی

**مادەی ٢٢**

ئەم ڕێککەوتننامەیە پێداچوونەوە بە هیچ ڕێککەوتننامەیەک یان ڕاسپاردەیەکی نێودەوڵەتی کاردا ناکات.

**مادەی 23**

پەسەندکردنی فەرمی ئەم پەیماننامەیە بە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار دەگەیەنرێت بۆ تۆمارکردن.

**مادەی 24**

1- ئەم ڕێککەوتننامەیە تەنیا بۆ ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پابەند دەبێت کە پەسەندکردنەکانیان لە بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکراوە.

2- دوانزە مانگ دوای ئەو بەروارەی کە پەسەندکردنی دوو ئەندام لە بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکراوە، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

3- دواتر ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەر ئەندامێک دوانزە مانگ دوای ئەو بەرواری تۆمارکردنی پەسەندکردنی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**مادەی ٢٥**

1- ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کردووە، دەتوانێت دوای تەواوبوونی دە ساڵ لە بەرواری یەکەمجار کە ڕێککەوتننامەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە کردەوەیەک کە بە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار بۆ تۆمارکردن دەگەیەنرێت، هەڵیبوەشێنێتەوە. ئەو جۆرە هەڵوەشاندنەوەیە تا ساڵێک دوای ئەو بەروارەی کە تۆمارکراوە کاری پێناکرێت.

2- هەر ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کردبێت و لە ماوەی ساڵی دوای تەواوبوونی ماوەی دە ساڵ کە لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە، مافی هەڵوەشاندنەوە کە لەم مادەیەدا هاتووە بەکارنەهێنێت، پابەند دەبێت بۆ ماوەیەکی دیکەی دە ساڵ و دواتر دەتوانێت لە کۆتایی هاتنی هەر ماوەی دە ساڵێکدا بەپێی ئەو مەرجانەی لەم مادەیەدا هاتووە، ئەم پەیماننامەیە هەڵبوەشێنێتەوە.

**مادەی ٢٦**

1- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار ئاگادار دەکاتەوە لە تۆمارکردنی هەموو ئەو پەسەندکردن و هەڵوەشاندنەوەیانەی کە لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە پێی ڕاگەیەندراوە.

2- لە کاتی ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ڕێکخراو لە تۆمارکردنی دووەم پەسەندکردنی کە پێی ڕاگەیەندراوە، بەڕێوەبەری گشتی سەرنجی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕادەکێشێت بۆ ئەو بەروارەی کە ڕێککەوتننامەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**مادەی ٢٧**

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار پەیوەندی بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ تۆمارکردن بەپێی مادەی ١٠٢ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان زانیاری تەواو لەبارەی هەموو پەسەندکردن و کردەوەکانی هەڵوەشاندنەوە کە لەلایەن ئەوەوە تۆمارکراون پێی ڕادەگەیەنێت بەپێی بڕگەکانی مادەکانی پێشوو.

**مادەی ٢٨**

لەو کاتانەی کە بە پێویستی دەزانێت دەستەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کارکردنی ئەم پەیماننامەیە پێشکەش بە کۆنفرانسی گشتی دەکات و پێداچوونەوە بە هەموو یان بەشێک لە ڕێکەوتنامەکە لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکە گەنگەشە بکات.

**مادەی ٢٩**

1- ئەگەر کۆنفرانسەکە ڕێککەوتننامەیەکی نوێ پەسەند بکات کە پێداچوونەوە بەم ڕێککەوتننامەیەدا بە تەواوی یان بەشێکی بکات، ئەوا، ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

(أ) پەسەندکردنی ئەندامێکی ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە بە شێوەیەکی یاسایی بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سەرەڕای بڕگەکانی مادەی ٢٥ی سەرەوە، ئەگەر و کاتێک ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە کەوتبێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛

ب- لە بەرواری چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە بە کراوەیی نامێنێت بۆ پەسەندکردن لەلایەن ئەندامانەوە.

2- ئەم پەیماننامەیە لە هەر حاڵەتێکدا بە شێوە و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بۆ ئەو ئەندامانەی کە پەسەندیان کردووە، بەڵام پەیماننامەی پێداچوونەوەیان پەسەند نەکردووە، لە کاردا دەمێنێتەوە.

**مادەی ٣٠**

هەردوو دەقی ئینگلیزی و فەرەنسی هەمان هێزی یاساییان هەیە.

# چوارچێوەی هاندان بۆ ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی ژمارە ١٨٧ ساڵی ٢٠٠٦

## I. پێشەکی

کۆنفرانسی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار

دوای ئەوەی لە جنێڤ لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی نێودەوڵەتی کارەوە بانگهێشتکرابوو، و لە ٩٥ ەمین دانیشتنی خۆیدا لە ٣١ی ئایاری ٢٠٠٦دا کۆبوونەوە، وێڕای داننان بە گەورەیی پرسی بریندااربوون و نەخۆشی و مردنی پیشەیی لە ئاستی نێودەڵەتیدا و پێویستی کردەوەی زیاتر بۆ کەمکردنەوەیان. بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە پاراستنی کرێکاران لە نەخۆشی و نەخۆشی و بریندااربوون کە لە ئەنجامی کارکردنەوە سەرهەڵدەدەن، لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کاردایە وەک لە دەستوورەکەیدا هاتووە، وبە داننان بەوەی کە بریندااربوونی پیشەیی و نەخۆشی و مردن کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنان و لەسەر گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، وبە ئاماژەدان بە بڕگەی ٣ (g)ی جاڕنامەی فیلادلفیا، کە باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار ئەرکێتی لە نێوان گەلانی جیهاندا بەرنامەگەلێک زیاتر بکات کە پارێزگارییەکی گونجاو بۆ ژیان و تەندروستی کرێکاران لە هەموو پیشەکاندا بەدەستبهێنێت، و بە ئاگاداری جاڕنامەی ڕێکخراوی کار سەبارەت بە بنەما و مافە بنەڕەتییەکان لە شوێنی کار و بەدواداچوونەکانی١٩٩٨، وبە ئاماژەدان بە ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی (ژمارە ١٥٥) ١٩٨١، ڕاسپاردەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، (ژمارە ١٦٤) ١٩٨١ ، و ئامرازەکانی دیکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار کە پەیوەندییان بە چوارچێوەی بانگەشە بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەییەوە هەیە، و بە وەبیرهێنانەوەی کە پێشخستنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بەشێکە لە کارنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار بۆ کاری شایستە بۆ هەمووان، وبە وەبیرهێنانەوەی دەرەنجامەکان سەبارەت بە چالاکییەکانی پەیوەست بە ستانداردەکانی ڕێکخراوی کار لە بواری سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی - ستراتیژییەکی جیهانییە، کە لەلایەن کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کار لە ٩١ەمین دانیشتنی خۆیدا (٢٠٠٣) پەسەندکرا، بە تایبەتی پەیوەندی بە دڵنیابوون لەوەی کە ئەولەویەت بدرێت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی لە ئەجێندا نیشتمانییەکان، وجەختکردنەوە لەسەر گرنگی پێشخستنی بەردەوامی کولتوری سەلامەتی و تەندروستی خۆپارێزی نیشتمانی، و دوای ئەوەی بڕیاریدا لەسەر پەسەندکردنی هەندێک پێشنیار سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی کە چوارەم بڕگە بوو لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەدا، و دوای ئەوەی دیاری کرا کە ئەم پێشنیازانە لە شێوەی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا دەبن؛ ڕۆژی ١٥ ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦ ئەم ڕێککەوتننامەیەی خوارەوەی پەسەندکرد ، کە دەتوانرێت وەک چوارچێوەی هاندان بۆ ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، ٢٠٠٦ ئاماژەی پێبدرێت.

## II. سەرەتا

**مادەی ١**

بۆ مەبەستی ئەم ڕێککەوتننامەیە:

(آ) زاراوەی سیاسەتی نیشتمانی ئاماژەیە بۆ سیاسەتی نیشتمانی سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی و ژینگەی کارکردن کە بەپێی بنەماکانی مادەی ٤ی ڕێککەوتننامەی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی (ژمارە ١٥٥) ١٩٨١ پەرەی پێدراوە.

(ب) زاراوەی سیستەمی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی یان سیستەمی نیشتمانی ئاماژەیە بۆ ئەو ژێر خانەیەی کە چوارچێوەی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی نیشتمانی و بەرنامە نیشتمانییەکان سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دابین دەکات.

(ج) زاراوەی بەرنامەی نیشتمانی سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی یان بەرنامەی نیشتمانی ئاماژەیە بۆ هەر بەرنامەیەکی نیشتمانی کە ئامانجەکانی لەخۆدەگرێت کە لە چوارچێوەیەکی کاتیی پێشوەختە دیاریکراودا بەدەستبهێنرێت، ئەولەویەتەکان و ئامرازەکانی کارکردن کە بۆ باشترکردنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی داڕێژراون، و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنەکان.

(د) زاراوەی کلتوری سەلامەتی و تەندروستی خۆپارێزی نیشتمانی ئاماژەیە بۆ کولتوورێک کە تێیدا مافی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست لە هەموو ئاستەکاندا ڕێز لێبگیرێت، کە حکومەت، خاوەنکاران و کرێکاران چالاکانە بەشداری دەکەن لە دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست لە ڕێگەیەوە سیستەمێک لە ماف و بەرپرسیارێتی و ئەرکە دیاریکراوەکان، و کە بنەمای خۆپاراستن پێشینەیەکی بەرزی پێ بدرێت.

## III. ئامانج

**مادەی ٢**

1- هەر ئەندامێک کە ئەم پەیماننامەیە پەسەند دەکات، دەبێت پێشخستنی بەردەوامی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە بریندداربوون، نەخۆشی و مردنی پیشەیی بە پەرەپێدانی و ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران و سیاسەت و سیستەم و بەرنامەی نیشتمانی.

2. هەر ئەندامێک هەنگاوی چالاک بنێت بەرەو بەدەستهێنانی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست لە ڕێگەی سیستەمێکی نیشتمانی و بەرنامە نیشتمانییەکان سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی

به لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانەی کە لە ئامرازەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO)دا هاتووە کە پەیوەندییان بە چوارچێوەی هاندان بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی هەیە.

3. هەر ئەندامێک بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران، جار جار بیر لەوە دەکاتەوە کە دەتوانرێت چ ڕێوشوێنێک بگیرێتەبەر بۆ پەسەندکردنی ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی ڕێکخراوی کار.

## IV. سیاسەتی نیشتمانی

**مادەی ٣**

1- هەر ئەندامێک دەبێت بە دارشتنی سیاسەتێکی نیشتمانی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست بۆ کارکردن بەرەوپێش ببات.

2- هەر ئەندامێک دەبێت لە هەموو ئاستە پەیوەندیدارەکاندا مافی کرێکاران بۆ ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست لە کارکردندا بەرەوپێش ببات و پێشی بخات.

3. لە دارشتنی سیاسەتی نیشتمانی خۆیدا، هەر ئەندامێک، لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخ و پراکتیکی نیشتمانی و بە راوێژ لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ریکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران، دەبێت بنەما بنەڕەتییەکانی وەک هەڵسەنگاندنی مەترسی یان مەترسییەکانی پیشەیی پێشبخات؛ و بەرەنگاربوونەوەی مەترسی یان مەترسییە پیشەییەکان لە سەرچاوەوە؛ و پەرەپێدانی کلتوری سەلامەتی و تەندروستی خۆپارێزی نیشتمانی کە زانیاری و ڕاوێژکاری و ڕاهێنان لەخۆدەگرێت.

## V. سیستەمی نیشتمانی

**مادەی ٤**

1. هەر ئەندامێک دەبێت سیستەمێکی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی دابمەزرێنێت، بیپارێزێت، پەرەی پێبدات و جار جار پێداچوونەوەی بۆ بکات، بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران.

2- سیستەمی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

(ئە) یاسا و ڕێساکان، ڕێککەوتنی دەستەجەمعی لە شوێنی گونجاودا، و هەر ئامرازێکی تری پەیوەندیدار سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی.

(ب) دەسەڵاتێک یان دەزگایەک کە بەرپرسیارە لە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، کە بەپێی یاسا و پراکتیکی نیشتمانی دیاری کراوە.

(ج) میکانیزمەکانی دڵنیابوون لە پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا نیشتمانییەکان، لەوانەش سیستەمی پشکنین.

(د) ڕێکخستنەکان بۆ پێشخستنی، لە ئاستی ئەرکەکەدا، هاوکاری نێوان بەڕێوەبەرایەتی، کرێکاران و نوێنەرانیان وەک توخمێکی بنەڕەتی لە ڕێوشوێنی خۆپارێزی پەیوەست بە شوێنی کار.

3- سیستەمی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی ئەمانە لەخۆ دەگرێت لە شوێنی گونجاودا:

(آ) دەزگایەکی ڕاوێژکاری سێ قۆڵی نیشتمانی، یان دەزگایەک، کە چارەسەرکردنی پرسەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی؛

(ب) خزمەتگوزاری زانیاری و ڕاوێژکاری سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی؛

(ج) پێشکەشکردنی ڕاهێنانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی؛

(د) خزمەتگوزاری تەندروستی پیشەیی بەپێی یاسا و پراکتیکی نیشتمانی؛

(هـ) توێژینەوە لەسەر سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی؛

(و) میکانیزمێک بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی برینداربوون و نەخۆشییە پیشەییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئامرازە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخراوی کار؛

(ز) بڕگەکانی هاوکاری لەگەڵ پلانەکانی بیمەی پەیوەندیدار یان ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە برینداربوون و نەخۆشییە پیشەییەکان دەگرێتەوە؛ و

(ح) پشتگیریکردنی میکانیزمەکان بۆ باشترکردنی پێشکەوتووانەی سەلامەتی و بارودۆخی تەندروستی پیشەیی لە کارگە بچووکەکان، لە کارگە بچووک و مامناوەندەکان و لە ئابووری نافەرمیدا.

## VI. بەرنامەی نیشتمانی

**مادەی ٥**

1. هەر ئەندامێک دەبێت بەرنامەیەکی نیشتمانی سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرایەتیترین ڕێکخراوەکانی خاوەنکار و کرێکاران دابڕێژێت، جێبەجێی بکات، چاودێری بکات، هەڵدەسەنگێنێت و جار جار پێداچوونەوەی بۆ بکات.

2. بەرنامەی نیشتمانی دەبێت:

(ئە) پێشخستنی پەرەپێدانی کلتوری سەلامەتی و تەندروستی خۆپارێزی نیشتمانی لەخۆبگرێت؛

(ب) بەشداریکردن لە پاراستنی کرێکاران بە نەهێشتن یان کەمکردنەوەی، تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت، مەترسی و مەترسییەکانی پەیوەست بە کار، بەپێی یاسا و پراکتیکی نیشتمانی، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بریندارببوون، نەخۆشی و مردنی پیشەیی و پێشخستنی سەلامەتی و تەندروستی لە شوێنی کاردا؛

(ج) لەسەر بنەمای شیکاری دۆخی نیشتمانی سەبارەت بە سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، لەوانەش شیکاری سیستەمی نیشتمانی بۆ سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی، دابڕێژرێت و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت؛

(د) ئامانج و نیشاندەری پێشکەوتن لەخۆ بگرێت؛ و

(هـ) پشتگیری بکرێت، لە هەر شوێنێک کە بتوانرێت، لەلایەن بەرنامە و پلانە نیشتمانییە تەواوکەرەکانی ترەوە کە یارمەتیدەر دەبن لە بەدەستهێنانی پێشکەوتووانەی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست بۆ کارکردن.

3- بەرنامەی نیشتمانی بە شێوەیەکی بەرفراوان بانگەشەی بۆ بکرێت و تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرێت لەلایەن بالاترین دەسەلاتە نیشتمانییەکانەوە پشتگیری بکرێت و دەستپێبکرێت.

## VII. برگە کۆتاییەکان

**مادەی ٦**

ئەم ڕێککەوتننامەیە پێداچوونەوە بە هیچ ڕێککەوتننامەیەک یان ڕاسپاردەیەکی نێودەوڵەتی کاردا ناکات.

**مادەی ٧**

پەسەندکردنی فەرمی ئەم پەیماننامەیە بە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار دەگەیەنرێت بۆ تۆمارکردن.

**مادەی ٨**

1- ئەم ڕێککەوتننامەیە تەنیا بۆ ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار پابەند دەبێت کە پەسەندکردنەکانیان لە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار تۆمارکراوە.

2- دوانزە مانگ دوای ئەو بەروارەی کە پەسەندکردنی دوو ئەندام لە بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکراوە، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

3- دواتر ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ هەر ئەندامێک دوانزە مانگ دوای ئەو بەرواری تۆمارکردنی پەسەندکردنی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**مادەی ٩**

1- ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کردووە، دەتوانێت دوای تەواوبوونی دە ساڵ لە بەرواری یەکەمجار کە ڕێککەوتننامەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە کردەوەیەک کە بە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار بۆ تۆمارکردن دەگەیەنرێت، هەڵیبوەشێنێتەوە. ئەو جۆرە هەڵوەشاندنەوەیە تا ساڵێک دوای ئەو بەروارەی کە تۆمارکراوە کاری پێناکرێت.

2- هەر ئەندامێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی پەسەند کردبێت و لە ماوەی ساڵی دوای تەواوبوونی ماوەی دە ساڵ کە لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە، مافی هەڵوەشاندنەوە کە لەم مادەیەدا هاتووە بەکارنەهێنێت، پابەند دەبێت بۆ ماوەیەکی دیکەی دە ساڵ و دواتر دەتوانێت لە ساڵی یەکەمی هەر ماوەی نوێی دە ساڵدا بەپێی ئەو مەرجانەی لەم مادەیەدا هاتووە، ئەم پەیماننامەیە هەڵبوەشێنێتەوە.

**مادەی ١٠**

1- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار ئاگادار دەکاتەوە لە تۆمارکردنی هەموو ئەو پەسەندکردن و هەڵوەشاندنەوەیانەی کە لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە ڕاگەیەندراوە.

2- لە کاتی ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی ڕێکخراو لە تۆمارکردنی پەسەندکردنی دووەم کە ڕاگەیەندراوە، بەڕێوەبەری گشتی سەرنجی ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕادەکێشێت بۆ ئەو بەروارەی کە ڕێککەوتننامەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**مادەی ١١**

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار دەبێت بەپێی مادەی ١٠٢ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان زانیاری تەواو لەبارەی هەموو ئەو پەسەندکردن و ئیدانەکردنانەی کە تۆمارکراون، بگەیەنێتە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تۆمارکردن.

**مادەی ١٢**

لەو کاتانەی کە بە پێویستی دەزانێت، دەستەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی نێودەوڵەتی کار ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کارکردنی ئەم پەیماننامەیە پێشکەش بە کۆنفرانسی گشتی دەکات و لە دانانی پرسی پێداچوونەوەی لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکەدا دەکۆڵێتەوە.

**مادەی ١٣**

1- ئەگەر کۆنفرانسەکە ڕێککەوتننامەیەکی نوێ پەسەند بکات کە پێداچوونەوە بەم ڕێککەوتننامەیەدا بکات، ئەوا، ڕێککەوتننامە نوێیەکە بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

(ئە) پەسەندکردنی ئەندامێک بۆ ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە، بەپێی یاسا بریتی دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سەرەڕای بڕگەکانی مادەی ٩ی سەرەوە، ئەگەر و کاتێک ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە کەوتبێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛

ب- لە بەرواری چوونە بواری جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی نوێی پێداچوونەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە کراوەیی نامێنێت بۆ پەسەندکردنی لەلایەن ئەندامانەوە.

2- ئەم پەیماننامەیە لە هەر حاڵەتێکدا بە شێوە و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بۆ ئەو ئەندامانەی کە پەسەندیان کردووە، بەڵام پەیماننامەی پێداچوونەوەیان پەسەند نەکردووە، لە کاردا دەمێنێتەوە.

**مادەی ١٤**

هەردوو دەقی ئینگلیزی و فەرەنسی هەمان هێزی یاساییان هەیە.

## کۆتایی

